# پارتی تائیستا بۆچی دەنگی نەکردووە؟!

## (دیسان سەبارەت بەقسەکانی نیچیرەوان بەرزانی لەبارەی باندەکەی شیخ زانـاوە)

**محمــــد غفــور**

نیچیرەوان بەرزانی هەرلەو کۆبوونەوەیەیدا لەگەڵ خەلکی هەولیر رۆژی20-07 دەلی:"دلنیاتان دەکەم ئیجرائاتی پیویست دەنوینین وناکریت بیەلین ئەمانە بەردەوام بن، ئیمە تائیستا دەنگمان نەکردووە، بەلام ئەم شەرەی ئیمە شەر نییە دژی ئایین، شەرە دژی بەدرەوشتی، شەرە دژی تیرۆر وتیرۆریستان ودژی ئەو کەسانەی دەیانەوێ بەناوی ئایین ئەم کۆمەلگایە تیکبدەن...". سەنگی ئەو نەنگییەی کەبەهۆی نیشاندانی باندەکەی شیخ زاناوە بەرەورووی حیزب وحکومەتەکەی بۆتەوە، بەرزانی بەئاشکرا لەناکۆکی وفەلتەی قسەکانیدا بەدی دەکرێ. سەرنجبدەن، دەلیت:(دلنیاتان دەکەم ئیجرائاتی پیویست دەنوینین...تائیستا دەنگمان نەکردووە..)، کەچی لەقسەکانی پیشووتریدا دەلیت:"...ئەمما ئەگەر هاوولاتیان یارمەتی دەزگاکانی ئەمنی نەدەن، ئەستەمە دەزگاکانی ئەمنی بتوانن خۆیان بەتەنیا کار وئەرکەکانیان جێبەجێبکەن"! لیرەدا پرسیاریك بەرەورووی بەرزانی دەبیتەوە، یانی چی دەنگتان نەکردووە؟ ئەم قسەیە ناتوانێ ئەو خۆلە بکاتە چاومانەوە کەگوایا دەزگا وحکومەتتان مەحکەم وموجەهەزن وئاگاتان لەجموجولی ئەم باندە یائەوانی تر هەبووە وهەیە!نا، هەرگیز.نزیك بە10سالە ئەم باندە کەمەرکەزیان لەهەولیر بووە لەکوردستان هەلدەسوورین. بەلام دەکرێ بەنیشانەی فشەلیی وشەق وشریی دەزگاکانتان لیتان وەربگیرێ، تائەو رادەیەی کەتیرۆریستان نفوزیش بکەنە نیویانەوە.ئەوە نییە خۆت وادەلیی لەقسەکانتدا!! بەلی،ئەوە کەخۆتان وحکومەتەکانتان ناتوانن ئارامی وئاسایش بەرقەراربکەن، بەتەواوی راستە. ئیوە کەی حکومەت ودەزگای ئاسایشتان بۆ پاریزگاری لەژیان وحورمەتی خەلك وکۆمەلگا قووتکردۆتەوە؟! ئەم دەزگایانەی ئیوە خۆیان بەشیکی دیکەی بەلای سەر دلی خەلکی کوردستانن، وبەچەندین شیوە دووپاتیانکردۆتەوە کەدەزگای پاریزگارین لەسیاسەت ودەسەلات وراووورووتی ئیوە خۆتان بەسەر ژیان وداهاتی ئەم کۆمەلگایەوە. ئیوە خۆتان وحیزبەکانتان وحکومەت وکوردایەتیتان نەك هەر بەلایەکی هەمیشەیی بوون بەسەر دلی ئەم خەلکە ستەمدیدەیەوە، بەلکو فەلسەفەی بوونتان ناکۆك وناتەباو دژ بووە وهەیە لەگەڵ هەموو ویست وئاواتیکی ئەم خەلکەدا. ئەتوانیت رۆژیك نیشانی من وخەلکی بدەیت کەئەم کۆمەلگایە لەژیر سایەی ئیوەدا ئاسوودە بووبیت، بەبێ هەرەشەی نانبرین وجاسووس بوون بۆ بەرامبەر وشتی تر؟! تۆ جاریك هەرەشە دەکەیت ودەلیی، ئیجرائات دەکەن، وتائیستا دەنگتان نەکردووە. بەمانا خۆتان ریگەتان پیداون ئەم تاوانانە ئەنجامبدەن؟ یالەپیناوی تەوازنتان لەگەڵ یەکیتی چاوتان لیپۆشیون! وەیابۆ ئەوەیە رووی شیرنی خۆتان لەپاڵ کیوی تاوانکاری ئیسلامی سیایدا نیشانی خەلك بدەن تاخەلك ملبدات بەدەسەلاتی ئیوە! جاریکی دیکەش دەلیی، دەزگاکانی ئاسایش ئەستەمە بەتەنها وبەبێ هاوکاری هاوولاتیان ئاسایش بەرپابکەن. ئەم قسەیە بەزمانی مرۆڤ واتا،حکومەتەکەتان سەرووخەلکییە ولەبنەرەتەوە لەبەرامبەر خەلکدا

درووستبووه، نەك بۆ خزمەتی خەلك،هەروەكو خۆت ئیشارەی پێدەكەیت. بۆیە خەلك هاوكاری حكومەتیك ناكەن كەنوینەری ئیرادەی ئەوان نەكات، ولەهەر فرسەتیكدا هەولی لەكارخستنی دەدەن. بەلآم ئیوە تاكاتیك لەشاخ بوون سەدان جار سویندتان خوارد بە"میللەت ونیشتمان وخاك وئاین وموقەدەساتتان، ئەگەر خەلك ریگەتان پێبدەن ودەنگتان پێبدەن،وفرسەتتان دەستبكەوێ بەدەسەلآت وحكومەت بگەن، كوردستان دەكەنە بەهەشتی سەر ئەرز!! بەلآم بەهەق ئەمەیە بەهەشتە مەوعودەكەتان!؟ پەرەسەندنی كار وهەلسوورانی باندە ئینسانكوژەكانی چەشنی شیخ زاناتان بەدیاری بۆ خەلك هیناوە! بەلآم چیەوسا كەلەشاخ بوون وچئیستاش، خەلك لەبیری نەچووە كەچۆن هەربەهۆی ململانێتان لەسەر رابەری بزووتنەوەی كوردایەتی، سالی 966تالەبانی چۆن بووە كلكی تەورەكەی حیزبی بەعس بۆ سەركوتی خەلكی كوردستان لەناكۆكیی لەگەڵ پارتیدا، وەئاشبەتالی 975وپەلكیشكردنی سوپای بەعس لە31ئابی 996بۆ رامالینی یەكیتی لەهەولیرلەلایەن ئیوەوە! ئیوە خۆشتان بۆ تەصفیە حسابتان لەگەڵ یەكتر وحیزبەكانی تر دەستتان لەهیچ تاوانكارییەك نەپارستووە بۆتۆقاندنی خەلكی كوردستان. تیرۆری موخالیفانتان پاكسازیكردنیان بەوەحشیانەترین شیوە لەچەشنی كوشتار وراونان وبەكیشكردنی شیوعییەكان بەشوین سەیارەكانتاندا بۆ هاوپەیمانیتان لەگەل حكومەتی مەركەزی، تاپشتئاشان و"فتكردنەكانی ترتان" لەزەینی خەلكدا هەرماوە. لەوساتەوەش كەدەستتان لەدەسەلآت گیربووە، بیجگە لەچەندین سالْ جەنگی ناوخۆ ودابەشكردنی "میللەت وخاك ونیشتمانتان" بۆ دوو بەش وزیاتر، پشتتانكردە خەلك وبەلینەكانتان وبەتەنها خەریكی پركردنی گیرفانی خۆتانن ورصیدتان ملیاردها دۆلارە، وزۆربەی خەلكیش موحتاجی كار ونانی رۆژانەن. رۆژگارتان بەجۆریك لەخەلكی تەنگكردووە زۆریك لەلاوان بۆ كارپەیداكردن ئەكەونە داوی تیرۆریستانی وەكو شیخ زاناوە وئەیانخزیننە ناو زەلكاوی ئامانجە پیسەكانیانەوە. سەرباریشی بودجەیەكی زۆروزەبەندی داهاتی كوردستانتان كرد بەقورگی بزووتنەوەی ئیسلامی وباندو دەستەوتاقمەكانیدا وكردتانن بەسەرباری نەهامەتییەكانی تریان وتۆرەكەی شیخ زانا وهەلتۆقینی چەندین تاقمی چەقۆكیشی ئیسلامی تر،ئاكامی ئەم سیاسەت ومامەلەیەتان بووە بۆیان. جیگای خۆیەتی بۆ بەپیزبوونی ئەم ووتانە بەشیك لەووتارەكەی جلال تالەبانیش بهینینەوە سەبارەت بەئیسلامی سیاسی، كەدوینێ بەبۆنەی كردنەوەی ئەكادیمیای پیگەیاندنی هیزەكانی ئاسایشەوە لەسلیمانی ووتی: :"... ئێمە هەرزوو توانیمان لەهێزە سەرەكییەكانی تیرۆریستان رزگارمان بێت بەر لەرزگاربوونی عیراق بەچەند رۆژێك، كە بەهیممەتی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و بەقارەمانێتی رۆڵە لەخۆبووردووەكان توانرا ناوچەی هەورامان لەتیرۆریستانی دوژمن بەئیسلام پاكبكرێتەوە." . بەراستی رووقایمیی تالەبانی سەرسوورهینەرە! چیمیان بینی دوای كارەساتی ئاوایی حەمە وچیمان پێئەفرۆشێ!؟ئایا بەهەق تاكەی خەلك ئەم درۆ شاخدارانە قبولدەكات لیتان؟بەراستی ئەنسار ئیسلام وجندالاسلام وشیخ زانا و ئەوانی تر دوژمنن بە ئیسلام؟! یائەمە فریویكی سواوە تالەبانی هەرزانفرۆشی دەكات!

لەبەرامبەردا دەبێ خەلکی کوردستان ئەم موزەخرەفاتە قبوڵنەکات وپێتان بلێن، تاکاتیك ئێوە، یانی پارتی ویەکیتی دەستهەلنەگرن لەپشتیوانیکردن لەم باندە ئیسلامییە ئینسانخۆرانەو، وازلەسیاسەتی تەصنیفکردنی ئیسلامی سیاسی نەهێنن بۆ "تووندرەوو ومیانەرەو..رەسەن ونارەسەن..خۆیی ودەرەکی..تیرۆریست وسیاسی و..هتد"،وریزدانەنێین بۆ خواست وئیرادەی جەماوەری تینووی مەدەنییەت وسکۆلاری کوردستان، بۆپاککردنەوە ورامالینی ئەم پەتای ئیسلامی سیاسییە لەکوردستان، وئەم بەڵای سەری خەلکی بێدیفاع وهاووڵاتیانە هەوەك چۆن تائیستا، لەژێر سایەی سیاسەتی دەسگیرۆیی تائیستاتاندا بۆیان نەشونمایانکردووە، هەروا گەشەدەکەن وبێگومان زنجیرەی ئەم تاوانکاریانە بەداخەوە بەردەوام دەبێ.

خەلکی کوردستان لەکاتی بەرێخستنی قەسابخانەکەی ئاوایی حەمە لەشارەزوور، کەزیاتر لە40کەس بەگویرەی شەریعەتی خودا ومزگەوت وقورئان لەریگای خودا ولەپیناوی جهاد بۆ دامەزراندنی حوکمی قورئاندا لەم کوردستانەدا بەوەحشیانەترین شیوە وریك هەر وەکو قەسابخانەکەی شیخ زانای لای ئیوە پارچەپارچەکران، بەسەدان هەزاریان رژانە سەرشەقامەکان وداوایانکرد، ئەم جانەوەرانە لەکوردستان دەبێ بۆ هەمیشە بسررینەوە. بەڵام ئیوە وحیزبەکەی تالەبانی هەر بەم شیوەیەی کەتۆ هەرئیستا خەریکی بەناوی "ئایینی پیرۆزی ئیسلام"ەوە، پاساو بۆ ئەم رەشترین وخویناوی ترین ئایینە، واتە ئاینی ئیسلام دەهینیتەوە وبەنیشاندانی کارکرد وچەپەلیی ئەم ریبازە ئایینییە تاسەرمۆخ دژەمرۆ ودژە شادی دژە ژیانە، بەتەنها لەچاوی چەند تیرۆریستیکی گومرا و"بێرەوشتی!" وەکو شیخ زانا وهاوریکانییەوە بەرتەسك بکەیتەوە، وبەمشیوەیە رق وتوورەیی ئەستووری سەرتاسەری خەلکی کوردستان لەدژی ئیسلام وئیسلامی سیاسی ساردبکەیتەوە، ئەوساش هەرواتانکرد وبەخەلکتان ووت، "میللەتی کورد الحمدلله موسلمانە"و ئەوان، واتە تیرۆریستانی جندالله ی ئیسلامی بەتەنها ئەوان خراپەکار وگومرا وتیرۆریستن! زۆری نەخایاند دوای سازان لەگەل هەر ئەو تیرۆریستانەدا لەژیر گوشاری جمهوری ئیسلامیدا وبۆدلرازیکردنی ئەو رژیمە، پەلکیشتانکردنەوە بۆ سەردلی خەلکی هەلەبجە وهەورامان، وعەینی قەسابخانەیان سازکردەوە، وپەندتان وەرنەگرت وئیوە وسەرانی تری بزووتنەوەی کوردایەتی هەر ئەم قەوانە سوواوەتان لیدایەوە بۆ خەلکی. بۆیە پیتوانەبێ بەم خۆلپژاندنە بەچاوی خەلکی کوردستاندا، مەودا وتەوژمی نەفرەت وریسوایی روولەسەری ئایینی ئیسلام وتیرۆریستانی ئیسلامی، بەو نەوعانەشیانەوە کەهاوپەیمانتانن ولەحکومەتدا شەریکتانکردوون، کۆنترۆڵبکرێ، وبتوانن دەستی حەرەکەی دژە ئیسلامی لەکوردستان لەسنگ وگەردنی نوینەرانی خودا لەسەر ئەرز وئەوانەش کەدەسگیرۆییان دەکەن شلبکەنەوە. ئەویش ریك هەر لەسەر بنەمای ئەو فەزاحەتەی کەسیاسەتی دەسگیرۆیی ئیوە دەوری بنەرەتی بینیوە لەئالوودەبوونی ئەم کۆمەلگایە بەتاعونی ئیسلامی، وئەمە تارادەیەکی باش بۆتە خۆهوشیاری خەلکی کوردستان.

خەلکی لەم 15سالەدا ولەناو بەهەشتی مەوعودی بزووتنەوەی کوردایەتیدا بەئیسك وپرووسکیانەوە چیژی ئەلگۆ وبەدیلی ئەم حیزبە ناسیونال عەشیرەییانەیان کردووە وکارد بەئیسقانیان گەیشتووە. بەهەشتی مەوعودی بۆش وبلیر لەجیگای رژیمی صدام چەندە مایەی ستایشە بۆ خەلکی بەشمەینەتی عیراق، بەهەشتی کوردایەتیش هەر هیندە بۆ خەلکی کوردستان. خەلك دەبێ ریگای خۆیان لەبزووتنەوەی کوردایەتی جیابکەنەوە ولەدەوری بەدیلیك کۆببنەوە کەباشترین وزۆرترین ئازادییە سیاسی وکۆمەلایەتییەکانیان فەراهەم بکات.تابوار پەیدابکەن ئیرادەی ئازادانە وسەربەخۆیان بخەنەگەر بۆ رزگاری وسەربەخۆیی. هەنگاوی یەکەم لەم راستایەدا بەدەستەوەگرتن وبەرزکردنەوەی خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆمیکی ئازادە بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لەعیراق ودامەزراندنی دەولەتیکی غەیرە قەومی وغەیرەدینی تیایدا.کەسیکیش میژووی خۆی وبزووتنەوەکەی خشت خشت لەسەر سیاسەتی تیکدان وپالپیوەنانی کۆمەلگای کوردستان بەرەو نابوودی وبێئاسۆیی ئەمرۆژی بەرزکرابیتەوە، هەرەشەکانیشی لەتۆرەکەی شیخ زانا وئیسلامی سیاسی بۆ بەرگرتن بەتیکدانی کۆمەلگاکەی لەمەسخەرەیەك زیاتر لی وەرناگیرێ!

2005–2207